پاکستان پشتیوانی وڵاتەکەی بۆ ئێران لەبەرانبەر هێرشەکانی ئیسرائیل ڕادەگەیەنێت

وەزیری بەرگریی پاکستان پشتیوانی وڵاتەکەی بۆ ئێران لەبەرانبەر هێرشەکانی ئیسرائیل ڕادەگەیەنێت؛ هاوکات یەکێیزیی جیهانی ئیسلامیی لەم بارودۆخەدا بەپێویست دەزانێت.

شەممە، 14ـی حوزەیرانی 2025، خواجە ئاسیف، وەزیری بەرگریی پاکستان لەگوتەیەکدا لەدانیشتنێکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی وڵاتەکەی، سەرکۆنەی هێرشەکانی ئیسرائیلی بۆ سەر ئێران کرد، هاوکات پشتیوانیی وڵاتەکەی بۆ ئێران دووپات کردەوە و ڕایگەیاند، بەهەموو شێوەیەک پشتیوانیی لەتاران و بەرژەوەندیی ئێرانییەکان دەکەن.

خواجە ئاسف هەروەها گوتوویەتی، دوای ئەوەی ئیسرائیل پێلاماری یەمەن، غەززە و ئێرانی دا، یەکێیزیی جیهانی ئیسلامی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئیسرائیل بووەتە پێویستییەکی سەرەکی.

وەزیری بەرگریی پاکستان، هانی وڵاتانی ئیسلامیشی دا بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیل بپچڕێنن، هاوکات داوای لەنێکخراوی هاریکاریی ئیسلامی کرد کۆبوونەوەیەکی بەپەلە

بكات و وڭا تا نى ئيسلاميش